# باسكـەی زاخۆ هەوڵ بۆ بـ

**تیپی باسـکەی یانەی زاخۆ ئەمسـاڵ دووەمساڵیەتی لەیارییەکانی خولی باسکەی نایابی یانەکانی عێراقی شان بەشانی یانەی دهۆك یاری دەکات، یانەی زاخۆش ئەمسـاڵ تیپێکی تۆکمە و بەهێزی دروسـتکردووە بۆئەوەی لەهەردوو خولی یانە نایابەکانی کوردسـتان و عێراق ئەنجامی بەرچاو بەدەسـت بهێنێ، لەئێسـتادا تیپکە لەگشت ڕوویەکەوە لەلایەن دەستەی کارگێڕی پشتگیری دەکرێت و چەندین یاریزانی بەتواناشیان لەیانەکە کۆکردۆتەوە تەنیا بەمەبەستی ڕکابەریکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوێکی شایستە لەهەردوو خول، ئێمەش بەپێویستمان زانی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر باسکەی زاخۆ ئامادەبکەین.**



## یانەی پێشمەرگەی هەولێر ڕاهێنەرێکی نوێ بۆیانەکەی دەستنیشان دەکات



دوای ئـەوەی یانـەی پێشـمەرگەی هەولێر دەسـت لەکارکێشانەوەی عەبدوڵڵا مەحمـودی ڕاهێنـەری یانەکەی قبوڵ کرد، بەمەبەسـتی پڕکردنەوەی شوێنی ڕاهێنەری ناوبراو کـە لەچەند هەفتەی ڕابردوو ئاستی تیپەکە وەکو پێویست نەبوو لەیارییەکانی خولی نایابی کوردسـتان، بۆئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕی یانەی پێشـمەرگەی هەولێر دوای گفتوگۆیەکی بـەردەوام توانـی عەبدولقادر حوسـێنی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەی وەکو ڕاهێنەری تازەی یانەکە دەستنیشـان بکات، بۆئەوەی یانەی پێشـمەرگە لەم قەیرانەی ئێسـتا ڕزگار بکات کە تیپەکە لەم چەند یارییەی ڕابـردوو تێکەوتووە و یانەکەش بگەڕێنتەوە ئاستی جارانی خۆی، نیهاد عادل سکرتێری یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەوەی ئاشکرا کرد دوای کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی یانەکە بڕیـاری ئەوەیانداوە کە عەبدولقادر حوسێن کە پێشتر ڕاهێنەری یانەی ناوبراو بووە، بیگەڕێنـەوە یانە کۆنەکەی خۆی کە پێشـووتر ئەرکی ڕاهێنەری یانەکەی لەئەسـتۆ بووە، گوتیشی ئێمە لەدەستەی کارگێڕی متمانەی تەواومان بەو ڕاهێنەرە هەیە، چونکە پێشتر کاری لەگەڵ یانەکە کردووە، ئەوەشـی ئاشـکرا کرد کە ئێستا یانەکەیـان ئەوەیـان لەتوانادایە ململانێ لەسـەر بەدەسـتهێنانی نازناوەکە بکەن. گوتیشـی: خاوەنی ژمارەیـەك یاریزانی بەتوانایـن بۆیە چاوەڕوانی ئەنجامی باش دەکەین.

## زاخۆ خولێکی نێودەوڵەتـ

بەسەرپەرشـتی یەکێتی ناوەنـدی زۆرانبازی کوردسـتان و بەهاوکاری لیژنـەی ئۆڵۆمپی کوردسـتان، بڕیارە لەڕۆژی چوارشـەممەی داهاتـوو لەشـاری زاخـۆی دەلال خولێکی ڕاهێنەرایەتـی یاری زۆرانبـازی نێودەوڵەتی دەسـتپێبکات. بەمەبەسـتی زیاتر ئاشنابوونی ڕاهێنەرانی یاری زۆرانبازی بەیاسا نوێیەکانی یارییەکـە، ئەم خولـە یەکجـارە لەهەرێمی کوردسـتان بەڕێوەدەچێت، خولەکەش لەماوەی یەك هەفتە ئەنجامدەدرێت و وانەکانی خولەکەش لەلایـەن وانەبێژانی نێودەوڵەتـی دەگوترێنەوە، وانەبێژەکانیـش هەمووی لەئاسـتی وانەبێژی نێودەوڵەتین لەیەکێتـی زۆرنبازی نێودەوڵەتی. وانەکان بەهەردوو شێوازی تیۆری و پراکتیکی دەگوترێنەوە و بڕیاریشـە زیاتر لە٤٠ ڕاهێنەر لەیانەکانی شارەکانی کوردستان و هەڵبژاردەکانی شـارەکانی عێراقـی بەشـداربن، وانەکانیش لەلایەن وانەبێژی نێودەوڵەتی یاگووبی سوێدی دەگوترێنـەوە، لەم بارەشـەوە شـەوقی فەرەج



ڕاپۆرتی: كارزان كانەبی

## ـــــەدەستهێنانی نازناو دەدات

ماجـد نیعمە ڕاهێنەری یانـەی زاخۆ لەبارەی یارییەکە بۆگۆڤاری گوڵان گوتی «بەڕاستی ئەمسـاڵ تیپێکـی بەهێزمـان ئامادەکردووە بۆهەردوو خولی عێراق و کوردستان، تیپەکەشمان تیپێکی باشـە لەگشـت ڕوویەکەوە ئامادەکراوە بۆ یارییەکان، ئەمسـاڵیش لەخولی کوردسـتان بەڵێن دەدەین ململانێ بۆڕکابەری کردن لەسـەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە بکەین، بۆ خولی عێراقیـش ئێمە هەوڵ دەدەین لەچوارگۆشـەی زێڕینـی خولەکـە خۆمـان ببینینـەوە، لەڕووی جەسـتەییەوە ئامادەکاریمان باشـە و یاریزانەکانیشـمان متمانـەی تەواویان بەخۆیان هەیە بۆ ئەوەی هـەوڵ بۆنازناوەکە بدەین، هەر چەندە ئەمسـاڵ یانەکانیش بەهێزن، گوتیشی بۆ خولی عێراقـی زیاتر لەپێنـج یاریزانانمان هێناوە کە سـێ یاریزانیان خەڵکی کوردستانن، بۆ خولی کوردسـتانیش یاریزانـی بەتوانامان هەیە، گوتیشی تیپەکەمان تەواوە هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە لەیانەی زاخۆ، چونکە دەستەی کارگێڕی هاوکاری باشمان دەکات.

سـەگڤان تەها سەرپەرشتیاری تۆپی باسکەی یانەی زاخۆ لەبارەی ئاستی یانەکە لەم بارەیەوە گوتی «ئەمساڵ یانەی زاخۆ بەشێوەیەکی زۆر باش خـۆی ئامادەکردووە و لەئێسـتاوەش ئێمە بۆبەدەسـتهێنانی نازناوێك هەوڵدەدەین لەخولی عێراقی و کوردسـتان، هیچ کێشـەو گرفتێك لەنێـوان یاریزانانی باسـکەی زاخـۆدا نییە و هەموومان بەیەك ڕوح یاری دەکەین، تیپەکەشمان لەهیچ ڕوویەکەوە کێشەی نییە، ئەمساڵ پشتمان بەهێنانی پێنج یاریزانی ئاسـت بەرز بەستووە و گرێبەسـتمان لەگەڵیان واژۆ کردووە، ئەمساڵ زیاتـر لە٧٠ملیـۆن دینارمان سـەرفکردووە و ململانێی گشـت یانەکانی کوردستان و عێراق دەکەین بۆ بەرزکردنـەوەی ناوی یانەی زاخۆ، حەزدەکەین گرنگی زیاتـر بەتیپەکانی لاوان و تازەپێگەیشتوان بدرێت لەیاری باسکە بۆ ئەوەی ئەم یارییە زیاتر پێشـڤەچوون بەخۆیەوە ببینێ، سەرۆکی یانەش هاوکاری بەردەوامان دەکات.

جگـەر خوێن عەلـی یاریزانـی زاخۆ گوتی «ئەوەی ڕاسـتی بێت ئەمسـاڵ یانەی زاخۆ لەئاستێکی بەرز دایە، چونکە خاوەن ژمارەیەك یاریزان و ڕاهێنەرێکی بەتواناین بۆئەوەی ناوی شارەکەی خۆمان بەرزکەینەوە، ئێمەش بەردەوام هەوڵدەدەین گرنگی بەئاست و تواناکانی خۆمان بدەیـن لەخولەکانـی عێراق و کوردسـتان. دەسـتەی کارگێـڕی یانـەش هـاوکاری بەردەوامانن لەگشـت خولەکان، لەئێستاشدا لەخولی عێراقی بەشدارین و ئامانجمان ئەوەیە ئەنجامێکی شایسـتە لەخولەکە دەسـتەبەر بکەین، بۆئەوەی ئێمەش شان بەشانی یانەکانی تری عێراقی ئەنجامی دڵخۆشـکەر بەدەست بهێنین. سوپاسی هاندەرانی یانەکەشمان دەکەم کە هەمیشە پاڵپشتی یانەکەمانن.

ڕەیـان داود یاریزانـی یانـەی زاخۆ گوتی «یانەی زاخۆ یانەیەکی گەورەیە و ئەمساڵ خاوەنـی کۆمەڵێـك یاریزانـی بەتوانایـن، لەسـەر ئاستی کوردسـتان و عێراق شوێن و ناومان دیارە و هەوڵیـش دەدەین ناوی زاخۆ بەپڕشنگداری بهێڵینەوە، ئەمساڵیش بەهۆی بەهێـزی یانەکەمان چاومـان لەوەیە بتوانین ئەنجام و ئاسـتمان دڵخۆشەکەر بێت، لەخولی کوردسـتان ئاسـتمان باشـە و هەوڵیش بۆ بەدەسـتهێنانی نازناوێك دەدەین، هیچ کێشە و گرفتێکمـان نییە لەیانـەی زاخۆ، چونکە دەسـتەی کارگێڕی هاوکار و پاڵپشـتمانن لەگشت ڕوویەکەوە.

## ـــــــی زۆرانبازی لەخۆ دەگرێت

ئەندامی یەکێتی زۆرانبازی کوردسـتان ئەوەی ئاشکرا کرد کە مەبەستیان لەکردنەوەی ئەم خولە زیاتر خزمەتکردنی یاری زۆرانبازی و ئاشنابوون بەیاسـا نوێیەکانی سەردەمە. شایەنی باسە ئەم ئۆلۆمپـی خولە لەسـەر ئەرکـی لیژنەی کوردستان بەڕێوەدەچێت.



## یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەگەڵ ناوبژیوانانی شاری هەولێر کۆبوونەوە

لەبارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردسـتان، سـەرۆك و ئەندامانـی یەکێتی تۆپی پێی کوردسـتان لەگەڵ دەسـتەی ناوبژیوانانی شـاری هەولێر کۆبوونەوە، سەرەتا سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردسـتان (سـەفین کانەبی) باسـی لەڕۆڵـی ناوبژیوانان کرد لەبەرەوپێشـبردنی تۆپی پێی کوردسـتان، کۆبوونەوەکە گفتوگۆیەکی کراوەبوو سەبارەت بەلاوازبوونـی ئاسـتی ناوبژیوانان، هۆکار و چارەسـەر بەتێروتەسـەلی باسی لێوەکرا، ناوبژیوانـان یەکە یەکە ڕاوبۆچوونی خۆیان پێشکەشـی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کرد، هەموو لایەك هیوایان خواسـت ئاستی ناوبژیوانان بەرەوپێشەوە بچێت.





## ماتا: شەڕ لەگەڵ یانەکانی ئیسپانیا دەکەین لەچامپیۆنز لیگ

یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی چێلسی ئینگلیزی خوان مانویل ماتا دووپاتیکردەوە کە هەردوو زەبەلاحەکەی خولی ئیسپانیا ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە پاڵێوراوی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بۆ وەرزی ٢٠١١/٢٠١٢، ماتا لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی گوتی: ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە پاڵێوراوی سەرەکین بۆ نازناوی چامپیۆنز لیگ، هەروەها چەند یانەیەکی گەورە هەن لەوانەیە بەهۆی بەهێزی ئەم دوو یانەیە ماڵئاوایی بکەن، بەڵام یانەی چێلسی شەڕ دەکات بۆ ئەوەی بگاتە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانەتیە.

دەربارەی هاوڕێکەی پێشووی خۆی لەیانەی ڤالانسیا دێڤید ڤیا کە ئێستا تووشی پێکان هاتووە، ماتا گوتی: دێڤید ڤیا زۆر گەشبینە، لەهەفتەی یەکەمی پێکانەکەی بەپەرۆشەوە کاردەکات و پیشبرکێ لەگەڵ کات دەکات، بەیانیان و ئێواران مەشقی تایبەت دەکات ئەوەش بۆ ئەوەی بەشداری لەیۆرۆی ٢٠١٢ بکات.

# خەڵاتەکانی فیفا ٢٠١١

## میسی باشترین یاریزان.. گ



لەهۆڵی کۆنگرەکان لەشاری زیوریخ بەئامادەبوونی جۆزیف سیپ پلاتەر سەرۆکی فیفا و چەندین ئەستێرەی وەرزشی جیهانی وەك پلاتینی و زیدان و پێلی و ڕۆنالدۆ و ماتیۆس و چەندین هونەرمەندی جیهانی وەك کچە هونەرمەند شاکیرا و بەدەیان ڕۆژنامەنووسی وەرزشی و یاریزانان و ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەو یانەکان، ئاهەنگی ساڵانەی فیفا بۆ ساڵی ٢٠١١ بەڕێوەچوو، لەئاهەنگەکەدا ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لیۆنیل میسی بۆ جاری سێیەم لەسەر یەك و بەجیاوازییەکی زۆر لەگەڵ ڕکابەرەکانی خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێنا و بووە سێیەم یاریزان لەمێژوو لەدوای یاریزانان زێدان و ڕۆنالدۆی بەرازیلی سێ جار ئەم نازناوە بەدەست دەهێنێت .

فیفا چەندین خەڵاتی لەم ئاهەنگەدا دابەش کرد کە بەم شێوەیە بوو:

* خەڵاتی تۆپی زێڕین

١- لیۆنیل میسی . ئەرژەنتین . یانەی بەرشلۆنە ٤٤,٨٨٪ ی دەنگەکان

٢- کریستیانۆ ڕۆنالدۆ . پورتوگال . یانەی ڕیال مەدرید ٢١,٦٠٪ ی دەنگەکان

٣- زاڤی هیرناندیز . ئیسپانیا . یانەی بەرشلۆنە ٩,٢٣٪ ی دەنگەکان

* خەڵاتی باشترین ڕاهێنەر

١- جۆسیب گواردیۆلا . ئیسپانیا . یانەی بەرشلۆنە ٤١,٩٢٪ ی دەنگەکان











# تۆتی داوای لێبوردن لەدواکەوتنی دەکات

فرانچیسکۆ تۆتی کاپتنی یانەی ڕۆمای ئیتالی داوای لێبوردنی لەهاندەرانی یانەکەی کرد بەهۆی دواکەوتنی لەتۆمارکردنی گۆڵ بۆ یانەکەی پایتەختی ئیتالیا، لێبوردنەکەی تۆتی لەکاتی یاری نێوان هەردوو یانەی ڕۆما و کیڤۆ ڤیرۆنا بوو لەخولی ئیتالیا کە یانەی ڕۆما بەدوو گۆڵی یاریزان تۆتی لەدوو لێدانی سزا یارییەکەی بردەوە، تۆتی لەدوای تۆمارکردنی گۆڵی یەکەم درێسەکەی بەرز کردەوە و لەژێرەوە بەزمانی ئیتالی نووسرا بوو (داوای لێبوردنتان لێدەکەم بەهۆی دوا کەوتنمەوە)، تۆتی خەڵاتی باشترین یاریزانی یارییەکەی وەرگرت و کۆتایی بەحەوت مانگ هێنا لەدوورکەوتنەوە لەگۆڵ تۆمارکردن.

تۆتی لەدوای هاتنی ڕاهێنەر لویس ئەنریکی لەم وەرزەدا لە٩ یاری بەشداری کردووە و تا یاری کیڤۆ ڤیرۆنا هیچ گۆڵی تۆمار نەکردبوو، دوا گۆڵیش کە تۆتی تۆماری کردبوو لەڕۆژی ٢٠١١/٥/٢٢ بوو بەرامبەر یانەی سەمبەدۆریا، تۆتی لەوەرزی ڕابردوو ١٥ گۆڵی تۆمارکردبوو.

کاپتنی یانەی ڕۆما پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە یانەی ڕۆما بەجێبهێڵێت ئەگەر ئەو هۆکاری کێشەکانی یانەکەی بێت بەتایبەتی دوای ئەو ڕەخنە توندانەی کە ئاراستەی کرا لەدوای لەدەستدانی لێدانی سزا بەرامبەر یانەی یۆڤانتس لەو یارییەی کە بەئەنجامی (١-١) کۆتایی هات لەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٢.

# واردیۆلا باشترین ڕاهێنەر.. نیمار جوانترین گۆڵ

٢- سێر ئەلێکس فێرگسۆن . سکوتلەندا . یانەی مانچستەر یونایتد ١٥,٦١٪ ی دەنگەکان

٣- جۆزێ مورینهۆ . پورتوگال . یانەی ڕیال مەدرید ١٢,٤٣٪ ی دەنگەکان

* خەڵاتی باشترین یاریزان – ئافرەتان

١- هوماری ساوا . ژاپۆن ٢٨,٥١٪ ی دەنگەکان

٢- مارتا . بەرازیل ١٧,٢٨٪ ی دەنگەکان

٣- ئابی وامباك . ئەمریکا ١٣,٢٦٪ ی دەنگەکان

* خەڵاتی باشترین ڕاهێنەر – ئافرەتان

١- نۆریۆ ساساکی . ژاپۆن ٤٥,٥٧٪ ی دەنگەکان

٢- پیا ساندهاگ . سوید ١٥,٨٣٪ ی دەنگەکان

٣- برۆنۆ بینی . فەرنسا ١٠,٢٨٪ ی دەنگەکان

* خەڵاتی جوانترین گۆڵ – خەڵاتی پۆشکاش

١- نیمار دا سیلڤا . بەرازیل . یانەی سانتۆس

٢- لیۆنیل میسی . ئەرژەنتین . یانەی بەرشلۆنە

٣- وێین ڕونی . ئینگلتەرا . یانەی مانچستەر سیونایتد

* خەڵاتی سەرۆکایەتی – خەڵاتی پلاتەر

سێر ئەلێکس فێرگسۆن ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یوانیتد ئەم خەڵاتەی وەرگرت وەك ڕێزلێنانێك بۆ ماوەی کارکردنی ئەم ڕاهێنەرە لەگەڵ یانەی شەیتانە سوورەکان

* خەڵاتی یاری پاك

یەکێتی تۆپی پێی ژاپۆن ئەم خەڵاتەی وەرگرت لەبەر هەوڵەکانی لەکاتی کارەساتەکەی سۆنامی، هەروەها پلاتەر خەڵاتی باڵیۆزی یاری پاکی بەخشیە یاریزانی ئیتالی ستیڤانۆ ڤارینا یاریزانی یانەی جۆبیۆ کە لەخولی پلەدووی ئیتالیا یاری دەکات لەبەر ئەوەی ڕازی نەبوو بڕی ٢٠٠ هەزار دۆلار وەك بەرتیل وەربگرێت بەمەبەستی یاریکردن بەئەنجامی یارییەکی جامی ئیتالیا بەرامبەر یانەی چیزینا .

* پێکهاتەی نمونەی جیهان لەساڵی ٢٠١١

گۆڵچی : ئیکەر کاسیاس (ریال مەدرید)

بەرگری : دانیال ئەلڤیس (بەرشلۆنە) - جیرارد پیکێ (بەرشلۆنە) – سێرجیۆ ڕامۆس (ریال مەدرید) – نیمانیا ڤیدیچ (مان یونایتد)

ناوەراست : ئەندرێس ئەنێیستا (بەرشلۆنە) - زاڤی ئەلۆنزۆ (ریال مەدرید) – زاڤی هێرناندیز (بەرشلۆنە)

هێرشبەران : کریستیانۆ ڕۆنالدۆ (ریال مەدرید) – وێین ڕونی (مان یونایتد) – لیۆنیل میسی (بەرشلۆنە)



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال









# چوار کورد
# بوونە ڕاهێنەری هەڵبژاردەکانی عێراق

یەکێتی پایسکلسواری عێراق لەکۆبوونەوەی دەستەی گشتی، کە لەشاری دیوانیە بەڕێوەچوو چەندین بڕیاری گرنگیان دا وەکو دەستنیشانکردنی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەکانی عێراق بۆ پایسکلسواری لەسەر ئاستی کوڕان بۆ تازەپێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووان و لەسەر ئاستی کچان، کە تیایدا لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان ڕاهێنەری یانەی سۆلاف فەرمان ڕەحمان وەکو ڕاهێنەر دەستنیشانکرا و لەسەر ئاستی لاوان ڕاهێنەری یانەی هەولێر موسا موحسین وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر دەستنیشانکرا و لەسەر ئاستی پێکشەوتووان کەنعان ئیسماعیل وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر دەستنیشانکرا و لەسەر ئاستی کچان ڕاهێنەری یانەی هەولێر عەبدولقادر نورەدین وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەکە دەستنیشانکرا.

لەلێدوانێکیدا موسا موحسین یاریدەدەری ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بۆ پایسکلسواری گوتی: یەکێتی پایسکلسواری عێراق بەفەرمی بڕیاری دا ڕاهێنەر عەلی حەمید وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوان دەستنیشان بکرێت و منیش ببمە یاریدەدەری ڕاهێنەری هەڵبژاردەکە، هەست بەخۆشیەکی زۆر دەکەم، بۆ ئەم مەبەستە وا بڕیارە دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ-ی قوتابیان هەڵبژاردەی لاوانی عێراق ئۆردوگایەکی مەشقی لەشاری هەولێر ئەنجام بدات بەمەبەستی خۆئامادەکردنمان بۆ هەردوو پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی لەئیمارات و پاڵەوانێتی مازنداران لەوڵاتی ئێران، هەردوو پاڵەوانێتی لەمانگی سێ بەڕێوە دەچێت.

لەلایەکی دیکەوە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراق عەبدولقادر نورەدین لەلێدوانێکیدا گوتی: یەکێتی پایسکلسواری عێراق بەفەرمی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراقی بەمن سپارد و ڕاهێنەر سیروان سامی وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر دەستنیشان کرا، کە ئەویش کوردە، وا بڕیارە دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ دوو ئۆردوگای مەشقی لەشاری سلێمانی و هەولێر ئەنجام بدەین بەمەبەستی خۆئامادەکردنمان بۆ پاڵەوانێتی ئاسیا، کە مانگی داهاتوو لەوڵاتی مالیزیا بەڕێوە دەچێت و گشت یاریزانانی هەڵبژاردەکە کوردن.

جێگەی باسە چەندین یاریزانی کورد بانگهێشتی هەڵبژاردەکانی عێراق لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووان و کچان کراون.

## لاوانی هەولێر نازناوی خول

یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان بۆ یەکەم جار لەمێژووی خۆیدا خولی پلە نایابەکانی کوردستانی بۆ تۆپی باڵە لەسەر ئاستی لاوان ئەنجامدا، لەم خولە تەنیا چوار یانە بەشدارییان کرد، ئەویش هەریەکە لەیانەکانی (هەولێر، شەقڵاوە، نیشتمان، هێرش) دوای ئەوەی یانەکانی شارەکانی کوردستان بەشداریکردنیان لەم پاڵەوانێتیە ڕەتکردەوە بەهۆی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ، ئەم خولە بەشێوازی خول بەیەك قۆناغ بەڕێوەچوو و یارییەکان

## جیهان و سۆلاڤی نوێ س



## تیپی تێنسی سەرمێزی

دوای ئەوەی دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی بەفەرمی بڕیاری دا گرێبەست لەگەڵ هیچ یاریزانێکی تیپەکانی یانەکە مۆر نەکرێت جگە لەیاری تۆپی پێی، ئەمەش بووە نیگەرانی چەند یاریزانێکی تیپی تێنسی سەرمێزی یانەکە، بۆیە لەڕۆژانی ڕابردوو چەند یاریزانێکی سەرەکی یانەی سلێمانیان جێهێشت و بەگرێبەستی گرانبەها گرێبەستیان لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی مۆرکردووە، بەڵام دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی دووبارە تیپی تێنسی سەرمێزی یانەکەی ڕێکخستەوە و تەنیا بەمووچە گرێبەستی لەگەڵ سێ یاریزان مۆرکرد ئەویش هەریەکە لەیاریزانان سەیوان



## ــــی نایابی کوردستانی بۆ تۆپی باڵە بەدەستهێنا



لەهەردوو هۆڵی شەهید فرەنسۆ هەریری و یانەی ئەکاد ئەنجام درا، لەم خولە لاوانی هەولێر توانی نازناوی خولەکە بۆخۆی مسۆگەر بکات دوای ئەوەی سەرکەوتنی لەسێ یاری بەدەستهێنا بەبێ ئەوەی گێمێك بدۆڕێنێ و یاریزانانی هەولێر لەم خولە ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد کە بووە جێگەی دەستخۆشی ئامادەبووانی خولەکە.

ریزبەندی کۆتایی خولەکە بەمشێوەیە بوو.

١-هەولێر، ٢-نیشتمان، ٣-هێرش، ٤-شەقڵاوە.

جێگەی باسە ئەم خولە بۆ یەکەم جارە لەسەر ئاستی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

## ــــەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابی کوردستان بۆ تۆپی باڵە



هەفتەی ڕابردوو لەشاری هەولێر خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی باڵە بەڕێوەچوو، کە تیایدا لەم پاڵەوانێتیە ١٠ یانە بەشداری کردبوو بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کرابوون، لەهەر کۆمەڵەیەك دوو یانە بۆ چوارگۆشەی زێڕین سەرکەوتن، دواتر دوو یانە بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان سەرکەوتن و یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیەش لەهەردوو هۆڵی شەهید فرەنسۆ و یانەی ئەکاد بەڕێوەچوو.

کۆمەڵەکانی ئەم خولە بەمشێوەیە بوو.

کۆمەڵەی یەکەم: دەربەندیخان، شەنگال، حاجیاوە، ڕواندز، سۆلاڤی نوێ.

کۆمەڵەی دووەم: دوکان، جیهان، خورماتو، بەردەڕەش، هەندرێن.

دوای ڕکابەرییەکی بەهێز هەردوو یانەی جیهان و سۆلاڤی نوێ توانیان سەرکەون بۆ خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی باڵە لەوەرزی ئەمساڵ.

جێگەی باسە وا بڕیارە لەماوەیەکی نزیکدا خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی باڵە بەڕێوەبچێت.

## چوار یانە لەخولی پلەیەکی کوردستان بۆ تۆپی دەست سەردەکەون بۆ خولی نایابی کوردستان



یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان بەفەرمی بڕیاری دا لە٢٥ی ئەم مانگە پاڵەوانێتی خولی پلەیەکی کوردستان بۆ تۆپی دەست لەسەر ئاستی کوڕان بە بەشداری کردنی ١٥ یانەی کوردستان لەشاری هەولێر بەڕێوە بچێت، کە بریتین لەیانەکانی (پێشمەرگەی هەولێر، کۆیە، شەقڵاوە، مەخمور، ئاڵا، سۆران، ڕواندز، چۆمان، گوڵان، ئاشتی، نەورۆز، ڕانیە، ڕزگاری، ئاکرێ، بەردەڕەش)، لەلێدوانێکدا بێجان ئیبراهیم سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان گوتی: وا بڕیارە لە٢٥ی ئەم مانگە لەشاری هەولێر کۆبوونەوەی هونەری خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی دەست ئەنجام بدرێت و ٢٦ی هەمان مانگ یارییەکان بەفەرمی دەست پێدەکات.

لەدرێژەی قسەکانیدا بێجان ئیبراهیم گوتی: لەخولی پلەیەکی کوردستان ١٥ یانە بەشداری تیادا کردووە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش دەکرێن، یەکەم و دووەمی هەردوو کۆمەڵە ڕاستەوخۆ سەردەکەون بۆ خولی نایابی کوردستان بۆ ئەم وەرزە، واتە لەخولی پلەیەکی کوردستان بۆ وەرزی ئەمساڵ چوار یانە بۆ خولی پلە نایابی کوردستان سەردەکەون و یەکەمی هەردوو کۆمەڵە ڕاستەوخۆ سەردەکەون بۆ یاری کۆتایی خولەکە. یارییەکانی ئەم خولە لەهەردوو هۆڵی شەهید فرەنسۆ هەریری لەشاری هەولێر و هۆڵی یانەی وەرزشی گوڵان لەبنەسڵاوە بەڕێوە دەچێت.

لەکۆتایی قسەکانیدا بێجان ئیبراهیم گوتی: بەسوپاسەوە بودجەی ئەم پاڵەوانێتیمان بۆ دابین کراوە و ئامادەکاریەکی باشمان کردووە و لەئاییندەیەکی نزیك دا خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ کوڕان بە بەشداری ١١ یانە دەست پێدەکات.

## سلێمانی خۆی ڕێکخستەوە

جەمال بەمووچەی (٦٠٠) هەزار دینار و بەختیار عەبدولباقی بەمووچەی (٦٥٠) هەزار دینار و یاریزانی پێشووی پێشمەرگەی سلێمانی بەڵێن حەیدەر بەمووچەی (٦٠٠) هەزار دینار، لەپرۆگرامی یانەکەدا مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانێکی پیشەگەر بۆ بەشداریکردن لەگەڵ یانەکە لەهەردوو پاڵەوانێتی کورستان و عێراق.

جێگەی باسە یانەی سلێمانی لەتێنسی سەرمێز یەکێکە لەیانە بەهێزەکانی کوردستان و عێراق و خاوەنی چەندین نازناوە و بەشداری لەدواین پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەب بۆ تێنسی سەرمێز لەوڵاتی ئوردن کرد.

